# لای ئەحمەدی نەژاد پاسدارێك لە 2 ملیۆن كورد گرنگتربوو
# لای دەسەڵاتی كوردیش پەژاك و پەكەكە بتوێنەوە هیچ گرنگ نییە!؟



**ئاسۆعەبدوللەتیف**

ووردبوونەوە لە رووداوەكانی ئەم دواییەی كوردستان و پەرەسەندنەكانی سنورەكانی ئێران و تۆپبارانی گوندەكانی كوردستان و هەڵكشانی بەرخودانەكانی پەكەكەوپەژاك و گرتنی دیبلۆماتەكانی ئێران لە هەولێرو دەستگیركردنی مەحمودی فەرهادی لە سلێمانی، ئەمانە هۆكارگەلێك بوون بۆ ئەوەی كە ئیدی ئێران هێلكە دەڵەمەكەی لەگەڵ كوردستاندا بەتەواوی تێك بداو بیركردنەوەی خۆی بگۆڕێ لە ئاست ئەو هەرێمەی كە ناوی كوردستانەو گوایە جێگای ئەمن و ئومانی كاربەدەستانی ئێرانی نین و بكەوێتە ناو گومانێكی زۆر لە كاربەدەستانی كورد بەتایبەتی دەسەڵاتی یەكێتی و پارتی، هەربۆیە لەیەكەم كاردانەوەی كوتوپڕو لە گەرمەی مانگی رەمەزاندا سەرۆك كۆماری ئێران كە ئەوكات بە گەشتێك لە ئەمریكابوو ستراتیج و پلانی وولاتەكەی بۆ دونیا شی ئەكردەوەو لە سەكۆی نەتەوە یەكگرتووەكانیش نەترسانە هەرەشەكانی خۆی ناراستەوخۆ ئاراستەی ئەمریكاكرد بە بڕیارێك گشت مەرزە بازرگانیەكانی بەرووی كوردستاندا داخست، وەك ئەوەی كوردستان گردۆڵكەیەك بێت و ئێرانیەكان گەمارۆی بدەن و ئەمریكیەكانیش ئەسپی تەروادە!! ئەم كارە بەتەنها داخستنێكی تەكنیكی و سادەنییە كە دەسەڵاتی كوردی وەك پرسێكی عاتیفی پێمان بفرۆشێ و بە ژێی عاتیفەش بیگوزەرێنن بەسەرماندا كە زیانمان پێ ئەگات و گرانی دروست ئەبێ و هەژارەكانی وولات زیان ئەكەن و بەمەش لە سیاسەت و سیخوڕگەری و ململانێی دوور بخەنەوە كە كورد تیایدا قوربانی یەكەمە، بەڵكو ئەمە ئیدی راستی گوتنەو دەركەوتنی بڕێك شۆڤێنیەتی دیكەی فارسەو بەسەرماندا ئەیرێژن، دەرخستنی ئەو رووە نهێنی و پەنهانەی ئێرانیەكانە بۆ ئەم هەرێمە كە نەیانویست وەكو هەرێم مامەڵەی بكەن و دواجار رۆحی پازدارێكیان لا خۆشەویست ترو پیرۆزترو گرنگتر بوو تا 2 ملیۆن ئینسانی كوردی ئەم پارچەیە!؟ دەبێ بەراستی حكومەتی هەرێم هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەم پرسە بكات و بە كردنەوەی مەرزەكانیش كورد هەر رازی نەبێت و كەمێ خۆی توڕە بكات لەو رۆحە خەوتووە شۆڤێنییەی فارس و ئێرانیەكان كە دواجار ئاغای فەرهادی و پەژاك بۆی خەبەركردینەوەو پێی ووتین ئێمە قەزەمترین سیاسەت پەیرەو ئەكەین لە دونیاداو خۆشویستنی نیشتیمان و ئاسایشی نەتەوەیی لەوپەری لاوازیدایە، حكومەتی هەرێم دەبێ هەست بەو تەم و مژو ناكۆكیانەی خۆی بكات لەگەڵ ئێران و دووبارە ماكیاژی پەیوەندیەكانی خۆی لە تەك ئێراندا نەكاتەوە بە موجامەلەو پیاهەڵدان و دۆستایەتی رابردووی ئاوارەیی و ئۆردوگاو كەمپوت و شۆڕش، دەركەوت لای ئەحمەدی نەژاد پازدارێك لە 2 ملیۆن كورد گرنگتر بوو، وەلێ لای بارزانی و تاڵەبانی پێشمەرگەیەكی كورد وەزنی دەفتەرێك دۆلاریشی نییەو شۆڕشێك خامۆش بكەن بە خاتری توركیاو ئێران لایان ئاساییەو بە ئیفتیخاریشی ئەزانن، بگرە برسێتی و

بێکارەبایی و زەجرو هیلاکی و بێئومێدی 2 ملیۆن کوردیش ئەگۆرنەوە بە یەك زەردەخەنەی ئایەتوڵڵایەکی فارس و جەندرمەیەکی تورك و بێباکیشن کە چۆن لەسەر دۆزی کورد ئەکەوێت و کارەساتیش ئەوەیە ئەم کاڵبوونەوە شۆرشگێڕیەش نایانجوڵێنیَ، ئەمە یەك مانای هەیەو بەس ئەویش ئەوەیە کە کورد سیاسەت ناکات ئەوە فارس و تورکن سیاسەت ئەکەن و وولات و کەسایەتیە سیاسیەکانی خۆیان و سنورو کەرامەتی نیشتیمانی خۆیان خۆش ئەوێت و ئامادەن لەسەری بەشەر بێن و شەریش بهێننە ئەمدیو سنورەکانی ئێمەو ئەو کەمە شۆرشە چەکداریەش کە هەمانە لە قەندیل کزو خامۆش و دەستەمۆی بکەن!

سەرۆك کۆماری ئێران ئامادەی سازش نییەو شانازیشی پێوە ئەکات و گرنگترین شت لای رۆحی هاووڵاتی و سەربازەکانی و ئاسایشیە نەتەوەییەکەیەتی، لە کوردستانیش ئەوەی کە نەمانبێت و کاری بۆ نەکەین ئاسایشی ئابوری و نەتەوەیی و تەندروستییە و ئەوەش کە هەمانبێت سازشە، ئەحمەدی نەژاد بە ئەجندای دەوڵەتیەوە کار ئەکات ببینن بۆ گرتن و رفاندنی سەرهەنگێکی سوپاکەیان کە لەلایەن دەسەڵاتی کوردیشەوە نەگیراوەو کاری ئەمریکیەکانە کەچی ئاسمانمان لێتاریك و سنورمان لێدائەخەن و وەك دوژمنی سەرسەخت ئامادەی هیچ هاوکاریەك نین و زیانی کوشندەی ئابوریشمان پێئەگەیەنن، کەچی ئێمە داوای دەستهەڵگرتن و وازهێنانی شۆرشی چەکداری لە پەژاك و پێشمەرگە کوێستانیەکانی قەندیل ئەکەین و هەر خەریکی پیاهەڵدان و موجامەلەین و وا ئەزانین ئەمە دبلۆماسیەتە!! داخستنی مەرزە بازرگانیەکان و رەشکردنی ئاسمانەکانمان بە گوللە تۆپەکانی ئەحمەدی نەژاد ئەوپەری ئیهانەکردنە بە قودسیەتی سنورو ئارامی نێوان دوو وولات و هەموو پەیوەندیە دۆستانەکانی کوردیش لەتەك ئێران ئەکاتە وەهم کە لێرەو لەویَ باسی کوردو ئێران ئەکریَ وەك دوو وولات، ئێمەش گەر خاوەنی سەروەری دەوڵەتی بین دەبیَ بەزوترین کات ئۆفیسی پەیوەندیەکانمان بەرووی ئێراندا داخەین و رازی نەبین ئاوا دەوڵەتێك یاری بە ئابوری و شکۆی سیاسی و مێژوویی نەتەوەیەکی وەکو کوردەوە بکات و بە ئەمریکیەکانیش بڵێین کوردستان دەواری شڕ نییە بیَ پرس کەین و بەینی بکەن و قودسیەتی بڕوشێنن.